dengekan
Signature Valid
Digitally signed by dengekan
DN: cn=dengekan, o=Goran, c=CA
Date: 2002.10.18 23:49:59 -06'00'

# پەیڤێک
# بۆ
# مام جەلال

سێ ساڵ بەر لە ئێستا، دروست لە ١٧ی ئوکتۆبەری ١٩٩٩ دا، تێکۆشەر و نووسەری پێشکەوتنخواز (فەرهاد فەرەج) تیرۆر کرا. دوو مانگ بەسەر ئەو ڕووداوەدا گوزەری نەکردبوو، دروست لە ١٥ی دێسەمبەری ١٩٩٩ دا، لە سلێمانی، لە فێستیڤاڵی چوارەمی ئەدەبیی (گەلاوێژ)دا، گوتتان: (ئێمە تیرۆریستان دەناسین و دەیانگرین و دەیاندەینە دادگا.) بە داخەوە سێ ساڵ بەسەر تێرۆرکردنی فەرهاد فەرەجدا تێپەڕیوە و بەڵێنەکەی خۆتان جێبەجێ نەکردووە. نازانم بایەخ بە قسەی خۆتان نادەن، یان خوازیارن وەک خوداوەندی پەیمانشکاندن بناسرێن؟

گەرچی هیچ بەڵگەم بە دەستەوە نییە، وەلێ فایلی ڕەشی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بوارەکانی تیرۆر و لە پشتەوە خەنجەر لێدان و داڵدەدانی بکوژاندا، هانم دەدات بیرم بۆ ئەوە بچێت، ڕشتنی خوێنی ئەو ڕێبوارەی ڕێگای یەکسانی، بە ئاگاداری خۆتان بووبێت.

هیوادارم بە ناخی قوڕی هەڵەدا چووبێتم و ئێوە وەک بەرپرسی یەکەمی پاراستنی گیانی هاووڵاتییانی هەرێمی بندەستی خۆتان، چی زووترە بکوژی فەرهاد فەرەج دەستنیشان بکەن و وەک سۆزتان دابوو، بە سزای ڕەوای خۆی بگەیەنن.

حەمەسەعید حەسەن

2002. 10. 17